# شێرکۆ بێکەس

## بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە ( ٦٨١ )**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

**ئازاد بەرزنجی**

www.serdem.net
kteb@serdem.net

# شێرکۆ بێکەس

## بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا

ئامادەکردن: بوار نورەدین

ناوی کتێب: شێرکۆ بێکەس: بیبلیۆگرافیا و پێڕستی لە کتێبی کوردیدا

ئامادەکردن: بوار نورەدین

دیزانینی ناوەوە: سەیران عەبدولڕەحمان

دیزانی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ۱۰۰۰ دانە

نرخ: ۲۰۰۰ دینار

چاپی دووەم- چاپخانەی (سەردەم)- ۲۰۱٤

کوردستان- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە ۱۸۲۵ی ساڵی ۲۰۱۳ پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©

# ناوەرۆك

سەرەتایەکی پێویست.......................................... ٧
سەرنج و ڕوونکردنەوە........................................... ٩
یەکەم نووسینی شێرکۆ بێکەس..................................... ١٣
تەوەری یەکەم: ................................................ ٢٣
بیبلیۆگرافیای بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس
(دیوان، وەرگێڕان، نووسین) ١٩٦٨- ٢٠١٣
تەوەری دووەم: ................................................ ١٠٩
بیبلیۆگرافیای نووسینەکانی (شێرکۆ بێکەس)
لە کتێبی کوردیدا ١٩٥٦- ٢٠١٠
تەوەری سێیەم: ................................................ ١٢٣
بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ کاریان
لەسەر بەرهەم و دیوانەکانی (شێرکۆ بێکەس) کردووە ١٩٧٠- ٢٠١٠
تەوەری چوارەم: ................................................ ١٣٥
بیبلیۆگرافیای (شێرکۆ بێکەس)
لە ناوەرۆکی کتێبی کوردیدا ١٩٧٠- ٢٠١٠

# هێما بەکارهاتووەکان

چاپ: نۆرەی چاپ (چاپی یەکەم و دووەم)

چ: چاپخانە

ش: شوێن

ژس: ژمارەی سپاردن

س: ساڵ

ل: لاپەڕە

ق: قەوارە (بە سانتیمەتر و "پانی"ی پێش "درێژی"ی نووسراوە)

بۆ (چاپخانە)کانیش بەم شێوانە کورت کراونەتەوە:

و– وەزارەت

ز– زانکۆ

ك– کۆلیژ

کۆڕ...: کۆڕی زانیاری ئێراق و کۆڕی زانیاری کورد

## سەرەتایەکی پێویست

زۆرێك لە خوێنەران ئاگادارن، چەند ساڵێکە کار لە پڕۆژەیەکدا دەکەین و لەبەر چەند هۆکارێك، نەتوانراوە هەموو وردەکارییەکانی پڕۆژەکە تەواو بکەین، لەگەڵ ئەمەشدا، توانراوە چەند بەرهەمێکی لێ بڵاوبکەینەوە، بەتایبەت لە ژمارەکانی ڕۆڤاردا، هەندێ بیبلیۆگرافیای تایبەتمان ئامادە کردووە... ئەمە جگە لە چەند بیبلیۆگرافیایەکی تر، کە وەك سیپارە (نامیلکە) یان پاشکۆ، بڵاوبوونەتەوە.

بەپێی توانا، زۆرترین وردەکاریمان لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا کردووە و زۆریش پێوەی ماندووبووین، بێ هیچ گومان و چەند و چوونێك، کەموکورتی هەیە، کە ئەمەش سروشتێکی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیایە، بەتایبەت لە وڵاتێکی وەك کوردستان و لەپێناوی کتێبی کوردیدا.

سەرەتا ویستمان هەروەك ژمارەکانی ڕۆڤار، بیبلیۆگرافیایەکیش بۆ کاك شێرکۆ ئامادە بکەین، چونکە پڕۆژەکە (دیوان)ی شاعیران ناگرێتەوە و تەنها ئەو کتێب و نووسین و بابەت و کتێبانە دەگرێتەوە کە لە بارەی نووسەران و شاعیران ...ی کوردەوە نووسراون. لەبەرئەمە، لە پێناوی ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای یەکەمی ئەم سیپارەیەدا، ناچاربووین سنووری پڕۆژە گشتییەکە فراوانتر بکەین و هەوڵی کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی

هەموو دیوان و بەرهەمەکانی (شێرکۆ بێکەس) بدەین تا ساڵی ٢٠١٣، بەڵام لەم کاتەدا و بۆ سێ بیبلیۆگرافیاکەی دیکە، نەدەکرا فراوانتری بکەین.

هەر چەند لە کۆتایی چەند دیوانێکیدا، ئاماژە بە پڕۆژەی (کۆکردنەوەی بەرهەمەکان)ی کراوە و لیستی ناوی کتێبەکانیشی نووسراوە، هەروەها ئاماژە کراوە کە هەندێ لە دیوانەکانی شاعیر وەك: تریفەی هەڵبەست، دوو سروودی کێوی، کازیوە، دەربەندی پەپوولە، بۆننامە، ئافات... جیاجیا بۆ چەندین جار لە باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات لە چاپ دراونەتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا، لە ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیای یەکەمدا، تووشی گرفت و ئاستەنگی زۆر بووینەوە.

هیوادارین تاکو ئەو جێگەیەی بە ئەرکی خۆمان زانیوە، کەمتەرخەمیمان نەکردبێت و کارێکی شیاومان لەپێناوی شاعیری گەورەی کورد (شێرکۆ بێکەس)دا کردبێت. بەو هیوایەی شایەنی کارەکانی ئەو بێت و جێگەیەك لە کتێبخانەی کوردیدا بگرێت.

بوار نورەدین
Bwar_n@yahoo.com

# سەرنج و ڕوونكردنەوە

١- ئەو بیبلیۆگرافیایەی چەند ساڵێكە كاری لەسەر دەكەین و بۆ ئەم جۆرە بابەتانە كەڵكی لێ وەردەگرین، تەنها لەبارەی (كتێبی كوردی)یەوەیە -لە سەرەتاوە تا ساڵی ٢٠١٠-، هەروەها گۆڤار و ڕۆژنامەی نەگرتووەتەوە، تەنها ئەوانەی گرتووەتەوە كە وەك (كتێب) دووبارە چاپ كراونەتەوە. لە هەمان كاتدا، كتێبی بە زمانانی: عەرەبی، فارسی، توركی، ئینگلیزی... نەگرتووەتەوە.

٢- لە دەستنووسی (بەرگی سێیەم)دا كە تایبەتە بە (ئەدەب "تیۆر- ڕەخنە- لێكۆڵینەوە- وتار")ە و زۆرتر لە ١٠٠٠ كتێبی لەخۆگرتووە... چەند سەرنج و تێبینییەكمان نووسیوە، كە پێویستە تەنها ئەم سەرنجەیان لێرەدا بنووسین: لە ئامادەكردنی بەرگی ناوبراودا، (دیوان)ی شاعیرانی نەگرتووەتەوە، هەروەها ئەو كتێبانەشی نەگرتووەتەوە كە تەنها بەرهەمی شاعیرانیان كۆكردووەتەوە، بێگومان لەبەر ئەمەیە كە لێكۆڵەران لە دۆزینەوەی دیوانی شاعیراندا دانامێنن... بەڵكو ئەوە بەلامانەوە جێی بایەخ بووە، نووسەران و لێكۆڵەران لەو بابەتانە ئاگادار بكەینەوە كە لەبارەی شاعیرانی كوردەوە نووسراوە؟ لە هەمان كاتدا، ئەو دیوانانەی گرتووەتەوە كە جگە لە كاری كۆكردنەوە و

بڵاوکردنەوەی بەرهەم و هۆنراوەی شاعیرانی کورد، کاری لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەشیان ئەنجام داوە.

٣- پرۆژەی بیبلیۆگرافیاکە، پرۆژەیەکی فراوانە و چەند ساڵێکە کاری لەسەر دەکەین، تەنها بەرگی یەکەمی چاپ بووە و چەند بەرگێکی دیکەی ماوە، تا نووسینی ئەم بابەتە زۆرتر لە ٥٥ کتێبخانەی شارەکانی سلێمانی و هەولێر گەڕاوین و نزیک بە ٦٠٠٠ ناونیشانی کتێبی کوردیمان لە بارەی (کورد و کوردستان)ەوە، بە ناسنامە و ناوەڕۆکەوە کۆکردووەتەوە... لە بەرگی یەکەمدا، دەیان سەرنج و تێبینی و ڕوونکردنەوەمان نووسیوە، کە خوێنەر دەتوانێ بۆ هەر سەرنج و تێبینییەکی دیکە، لەبارەی کتێبی کوردی و جۆری بیبلیۆگرافیا کوردییەکان و ناساندنی سەرچاوەکانەوە... بۆ ئەم کتێبە بگەڕێتەوە: بیبلیۆگرافیای ناسێنراو و پۆلێنکراوی کتێبی تایبەت بە کورد و کوردستان: ١٩٢٥- ٢٠١٠ "بەرگی یەکەم: مێژوو"، ئامادەکردن: بوار نورەدین، چاپی یەکەم- چاپخانەی "سەردەم" سلێمانی- کوردستان، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ٢٠١٢.

زنجیرەی پێش خستن وزیندو کردنەوەی أدبی کوردی

ژمارە — ٤ —

# ئەنجامی داوین پیسی

بەقەڵەمی

جزاء حسین

وە

نەکەی ژن بینی - نەریمان

لە دەریای بیرا - شیرکو بیکەس

رزگار کردنی مریشك - ووردی

ئەم زنجیرەیە

هی هەموو شاعرو ادیبیکی کوردە، کە توانای بلاو کردنەوەی نوسراویان نیە.

هی هەموو ادیبیکی سەربەستە کوا ئەیەوی ادبی کوردی لەقەپیلکی پەستی و دوا کەوتن رزگار بکا !!

پەرتوك خانەی روناکی
ژمارە ........ روژ ........
سلیمانی مەحمود خاکی

چاپخانەی - معارف - بەغدا

١٩٥٦

« دلداری وزانست ونان دنیا بەرەوە ئەبەن »

# لە دەریای بیرا

بەقەڵەمی : شێرکۆ بێکەس

« شێرکۆ کوری شاعری بەناوبانگ فایق بێکەسە باوکی زور دوستم بو »
« هەمیشە پێکەوە لەبابەت ادبدا لەنادی معارفی سلیمانی گفتو گومان »
« ئەکرد هیوام وایە کە کاک شێرکۆ شێرکۆبی وجێگەی باوکی بگرێتەوە »
« لە مەیدانی ادبو شعردا . . والیرە ئەم پارچەیەم خستە بەر چاوی »
« خوێندەوارانی خوشەویست لەعادەیو کەمو کورتی بیبوورن »
« چونکە تا آدەمی زاد ئەچێتە ناو آومەلە فێرنابی .. بەلام ترسم »
« ئەوەیە کە کاک شێرکو تووشی دەردی دلداری بوبی !! گەرچی من »
« لومەی ناکەم کەبڵی خویەتی !! چونکە دلداری بەشیکی زور گرینگە »
« لەژیانی لاودا ئەوەی کەئەی لیم ئەوەیە دەبی دلداری پاك بیو »
« بو رابواردنو شەهوەت پەرستی نەبی !! »

---

(١) لەسالی ١٩٤٥ لەقەلادزە معلم بووم جار جار لەگەل فایق یەکترمان ئەدی بەلام داخەکەم آرەق خواردنەوەکەی زور بیداد بوو زور جار ئەنوستو منی لەبیر ئەچووە !!

# یەکەم نووسینی شێرکۆ بێکەس[1]

**دڵداری و زانست و نان دنیا بەڕێوە ئەبەن[2]**

((شێرکو کوڕی شاعیری بەناوبانگ فایەق بێکەسە، باوکی زۆر دۆستم بوو. هەمیشە پێکەوە لە بابەت ئەدەبدا لە نادی مەعارفی سلێمانی گفتوگۆمان ئەکرد، هیوام وایە کە کاك شێرکو، شێرکۆ بێ و جێگەی باوکی بگرێتەوە لە مەیدانی ئەدەب و شیعردا.. وا لێرە ئەم پارچەیەم خستە بەرچاوی خوێندەوارانی خۆشەویست، لە سادەیی و کەم و کورتی ببوورن، چونکە تا ئادەمیزاد نەچێتە ناو ئاو، مەلە فێر نابێ... بەڵام ترسم ئەوەیە کە کاك شێرکو تووشی دەردی دڵداری بووبێ!! گەرچی من لۆمەی ناکەم، کەیفی خۆیەتی!! چونکە دڵداری بەشێکی زۆر گرینگە لە ژیانی لاودا، ئەوەی کە ئەیڵێم ئەوەیە دەبێ دڵداری پاك بێ و بۆ ڕابواردن و شەهوەت پەرستی نەبێ!!))[3]

---

(١) لە ساڵی ١٩٤٥ لە قەڵادزە موعەلیم بووم، جار جار لەگەڵ فایەق بێکەس یەکترمان ئەدی، بەڵام داخەکەم ئارەق خواردنەوەکەی زۆر بێداد بوو، زۆر جار ئەنووست و منی لەبیر ئەچوو!![4]

---

١- کاتێك لە دیوان و بەرهەمەکانی شاعیر دەگەڕاین، بەشێوەیەکی ڕێکەوت لە (نووسراودانی وشە) یەکەم نووسینی ئەومان دەست کەوت کە دیارە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا نووسیویەتی، لەبەر ئەمە بە پێویستمان زانی وەك خۆی -کۆپی و ساغکردنەوە- بڵاوی بکەینەوە. ئەم دۆزینەوەیە بە هاوکاریی کاك (جەماوەر ئەحمەد) بوو، زۆر سوپاسیان دەکەین.

٢- لە ساغکردنەوەی ئەم جۆرە دەقانەدا، وەك مەرجێکی زانستی پێویستە وەك خۆی بنووسرێتەوە، بەڵام لێرەدا و لەبەر ئەوەی دەقە ئۆرجیناڵەکەشمان وەك خۆی داناوەتەوە، پێمان باش بوو بە ڕێنووسی ئەمڕۆ بینووسینەوە.

٣- لە شوێنی دانانی ئەو بڵاوکراوەیەی کە ئەم نووسینەی تێدا بڵاو کراوەتەوە (لە بیبلیۆگرافیای دووەم)دا، ئەو خاڵانەمان نووسیوە کە دەیسەلمێنن ئامادەکاری بڵاوکراوەکە (محەممەد تۆفیق وردی)یە... لە دەقە ئۆرجیناڵەکەدا، ئەمانە هەموویان بە چەند دێڕێك و هەر دێڕێکیش لە ناو جووت کەوانەدا دانراوە، لێرەدا هەموویمان بەسەر یەکەوە و لە ناو یەك جووت کەوانەدا داناوە، دیارە کە هەموویان نووسین و سەرنج و بۆچوونی ئەون.

٤- دیارە ئەم پەراوێزەش هەر لە نووسینی ئامادەکار (وردی)یە...

« دەمیکە نەم دەویت ، دل گەلێ بەپەروشە »
« چاویش هەر چاوە نوارتە ، بەلـکو لە سووچیکەوە »
« دەرکەویت ، کەچی بێ هودەیە ئەو چاوە نوارینە !! »

* * *

وردە وردە هەنـگاوم ئەنا بەرەو مالەوە ، ئەمەویست خوم بخافلینم چونـکە لە جاران زووتر امرو گەرامەوە کارخانە . هاتم تا گەیشتمە ئەو شەقامەی کە هەموو روژیك لەم کاتەدا چاوەروانی ئەکەم ، چاوە روانی ئەم جوانە ئەکەم کە خوشم ئەوی ! هەموو روژی پیویستە بی بینم وە تینوەتی دلم بشکی ! کاتی لەقوتابخانە ئەگەریتەوە دنیـــا زور گەرمە تاك تاك سروقت بەسەر شەقامەکانەوە ئەدی . . پاش چاوە نواریکی زور خوم لەگەل خوما ووتم بەلـکە هەندی دەنگیشم هەل بری بەلام هەر لیوم ئەجولا :

« گیانە شیرینەکەم . دەمیکە نەم دیویت . دلە گەلێ بە پەروشە . چاویش هـــەر چاوە نوارتە ، لەسەرت بەنـگە . کە لەسوچیکەوە دەرکەویت . کەچی بێهودەیە . هـاوری یەکانت لەسەری شەقامەکە دەرکەوتن بەلام توی لەبەیناتیت . جاران کەدەر ئەکەوتیت لەگەلیانا وەك مانگێ بویت کە گەلێ ئەستیرە دەوری دا بیت . بەلام ایرو ئەستیرەکان هەلە هاتن بەلام مانگێ هەل نەهـــات بو دەرنەکەوتی خوزگە ئەمزانی . . .

دلم زور بەعەزرەتەوەیە بو بینینت بەچاو چونکە ئەو پەرژەرەشەی لە آزارو مەینەتو نا خوشي بەسەریا کشاوە بەلـکو بە بێ نیلت نەختێ

((دەمێکە نەم دیوت، دڵ گەڵێ بە پەرۆشە، چاویش هەر چاوەنواڕتە، بەڵکو لە سووچێکەوە دەرکەویت، کەچی بێ هودەیە ئەو چاوەنواڕیە!!))[1]

## لە دەریای بیرا

**بە قەڵەمی: شێرکۆ بێکەس**

**وردە وردە هەنگاوم ئەنا بەرەو ماڵەوە، ئەمەویست خۆم بخافڵێنم، چونکە لە جاران زووتر ئەمڕۆ گەڕامەوە کارخانە. هاتم تا گەیشتمە ئەو شەقامەی کە هەموو ڕۆژێك لەم کاتەدا چاوەڕوانی ئەکەم، چاوەڕوانی ئەم جوانە ئەکەم کە خۆشم ئەوێ! هەموو ڕۆژێ پێویستە ببینم وە تینوەتی دڵم بشکێ! کاتێ لە قوتابخانە ئەگەڕێتەوە، دنیا زۆر گەرمە، تاك تاك مرۆڤت بەسەر شەقامەکانەوە ئەدی... پاش چاوەنواڕیەکی زۆر، خۆم لەگەڵ خۆما، وتم بەڵکە! هەندێ دەنگیشم هەڵبڕی، بەڵام هەر لێوم ئەجولا:**
**گیانە شیرینەکەم. دەمێکە نەمدیویت. دڵ گەڵێ بە پەرۆشە. چاویش هەر چاوەنواڕتە، لەسەرت بەنگە کە لە سوچێکەوە دەرکەویت، کەچی بێ هودەیە. هاوڕێیەکانت لەسەر شەقامەکە دەرکەوتن، بەڵام تۆی لە بەینا نیت. جاران کە دەرئەکەوتیت لە گەڵیانا، وەك مانگ بوویت کە گەڵێ ئەستێرە دەوری دابێت. بەڵام ئیمڕۆ ئەستێرەکان هەڵ هاتن، بەڵام مانگ هەڵ نەهات، بۆ دەرنەکەوتی خۆزگە ئەمزانی...**
**دڵم زۆر بە عەزرەتەوەیە بۆ بینینت بە چاو، چونکە ئەو پەڕە ڕەشەی لە ئازار و مەینەت و ناخۆشی بەسەریا کشاوە، بەڵکو بەبینینت نەختێ**

---

[1]– ئەم نووسینە کە خراوەتە جووت کەوانەوە، لە چیرۆکەکە وەرگیراوە.

بیو آزاری دل ئەهوەن بێتەوە . . . وە دەمێ بەختیاری درێژ
بێت بوهەری و دەمێ خەم باری بکێشرێتەوە . .

بەو جوانیە پڕ لە ئەفسونەت کە بەبێ بزەیێ ئەم دڵەی گیرودە کردوە ئەو دڵە ڕەقەت وەك بەرد وایەو نەرم نابێ تائەم خوشە ویستیە پاکەی تیار ڕاگیر بێ . نەء . . دڵت نەرم نابێ . . بو ؟

چاویشم هەر چاوە نوارە بوت ئەگەڕێت ئەم لا ئەو لا بەڵام بێ سودە بەدیت ناکا آیا بو چ دیار نێت ؟ یا ئەبێ پەردەیێکی ڕەش بەسەریا کێشا بویە تو نابینێ !! یا فرمێسکی بەخورر لەتێنی خستوە ، ئەگینا بەدیت ناکەم . لە هەموو وتەیەك ئەصلەمیمەوە . . .

تاجم آوی دا هات ، لەتێن کەوت ، ئەوندە هاتو چوم پێکرد ، هەمووی بو تو هیوا کەم گیانە شیرینە کەم . بەڵام هەر چاوە نوارم ، چونکە دیتنت هەموو شتێکم لەبیر ئەباتەوە .

. . : « ئەوەی تو بوی ئەگەڕێی ، ئەوەی لە ژیانتا تاکە ، ئەوەی بە ئەزرەتەوەی کەبێ دینی تازە ڕویشت نایبینێتەوە ! وەك ئەستێرەیەك بکشی لە آسمانا ڕوبی والیت وون بوو . جوانی کە لە دڵتایەو پەنــــدت کردوە ، لە کانگای دڵێکی پاکی پڕ خوشە ویستیە وە ئەتوانم بڵێم کە لەدەستت دەرچوو !! »

گوێم لەم چەند وتەیە بوو کەوە کوو یەکی لەدەی چرپاند بەگوێما . تاسی ردەیەوە ، وای وورمام ! چاوم دەربەری دڵم کەوتە فرتە فرت ، وەك باڵی مەلی لە کاتی هەڵفڕینیا هەر ئەم ووت : آیستا گیان ئەدەم !

لاچێ و ئازاری دڵ ئەهوەن بێتەوە... وە دەستی بەختیاری درێژ بێت بۆ سەری و دەستی خەمباری بکێشرێتەوە...

بەو جوانییە پڕ لە ئەفسونەت کە بە بێ بەزەیی ئەم دڵەی گیرۆدە کردووە، ئەو دڵە ڕەقەت وەك بەرد وایە و نەرم نابێ تا ئەم خۆشەویستییە پاکەی تیا ڕاگیر بێ... نەئ... دڵت نەرم نابێ.. بۆ؟

چاویشم هەر چاوەنوارە، بۆت ئەگەڕێت ئەملا ئەولا، بەڵام بێسوودە بەدیت ناکا، ئایا بۆچ دیار نیت؟ یا ئەبێ پەردەیەکی ڕەش بەسەریا کشابێ، بۆیە تۆ نابینێ!! یا فرمێسکی بەخووڕ لە تینی خستووە، ئەگینا بۆ بەدیت ناکەم، لە هەموو وتەیەك ئەسڵەمێمەوە...

قاچم ئاوی داهات، لە تین کەوت، ئەوەندە هاتوچۆم پێکرد، هەمووی بۆ تۆ هیواکەم، گیانە شیرینەکەم. بەڵام هەر چاوەنوارم، چونکە دیتنت هەموو شتێکم لەبیر ئەباتەوە.

...: ((ئەوەی تۆ بۆی ئەگەڕێی، ئەوەی لە ژیانتا تاکە، ئەوەی بە عەزرەتەوەی کە بیدینی، تازە ڕۆیشت، نایبینیتەوە! وەك ئەستێرەیەك بکشێ لە ئاسمانا، ڕۆیی وا لێت ون بوو. جوانی کە لە دڵتایە و پەسەندت کردووە، لە کانگای دڵێکی پاکی پڕ خۆشەویستییەوە، ئەتوانم بڵێم کە لە دەستت دەرچوو!!))

گوێم لەم چەند وتەیە بوو کە وەکوو یەکێ دەیچرپاند بە گوێما. تاسی بردمیەوە، واقی وڕمام! چاوم دەرپەڕی، دڵم کەوتە فرتەفرت، وەك باڵی مەلێ لە کاتی هەڵفرینیا هەر ئەم وت: ئا ئێستا گیان ئەدەم!

لەژێر لێوەوە ووتم، بەلام جواب نەبوو !!

دەستم کرد بەخێرا رۆیشتن بەرەو ماڵەوە لەکاتێک دا کە ئەمەویست پەرەمەرە لەشەقامەکە ئەوەندەم زانی شتێک زور بەتوندی خوی لێدام و ئازارێکی هیچکار سەختی پێ گەیاندم !! لەو کاتەدا ئاورم دایەوە شێوەی نوتوبێلێک نەبێ هیچی ترم نەدی. ایتر ئاگام لەخوم نەما. پاش کاتێک چاوم کردەوە بینیم پولی (کیژ) دەوری داوم بەدەم ئازارەو گوێم لێبوو ئەیان ووت: «ئەوەچی بوە ؟».

دوا ئاه.. کاشکی ئەم وێنەیەم بەرچاو نەکەوتایە ! هەریەکەیان شتێکی بینیبێ ئەووت وەلێم نزیک ئەبوونەوە. لەو کاتەدا ئازارەکەم بەتەواوی پەریشانی کردم بەلام دل لەو کاتەدا بوێ توزی تینی خستە بەرخوی وەچاوێش هەر پێم ئەروانی بەدەوری خوما بەلکو ئەوجوانە ببینم بەلام بێ سوود بوو !!

لەپاش نەختێ هەستم کرد کەوا خەریکی هەل گرتنمن بو بیمارستان بەلام بەناو فرمیسکی چاوما سەیرم کرد تەنها کچێک لەنێو کچەکە ماوەتەوە ، بەلام نەختێ لێوی ئەجولا وادیار بوو قسەی ئەکرد بەدەم ئازارەکەومەوە ! گوێم لەهەندێ قسەی بوو کەلەی ووت :

— داخ گ لی بە ئاوانەوە بووم کە ئەم گەنجە هیوای بها تایە دی بەراستی تابلێی گەنجێکی زور رەوشت بەرز بوو ، زور لەسەر خو وهێمن بوو هەموو نیوە روێک ئەمان بینی هەمومان بەچاوێکی پرر لەبزەییەوە سەیرمان ئەکرد بەلام آخ خەریکە لەتافی لاویا کوچ بکاو لە

له ژێر لێوەوە وتم، بەڵام جواب نەبوو!!

دەستم کرد بە خێرا ڕۆیشتن بەرەوماڵەوە، لە کاتێکدا کە ئەمەویست بپەڕمەوە لە شەقامەکە، ئەوەندەم زانی شتێك زۆر بە توندی خۆی لێدام و ئازارێکی هێچگار سەختی پێ گەیاندم!! لەو کاتەدا ئاوڕم دایەوە، شێوەی ئۆتۆمبیلێك نەبێ، هیچی ترم نەدی. ئیتر ئاگام لە خۆم نەما. پاش کاتێك چاوم کردەوە، بینیم پۆلی (کیژ) دەوری داوم، بەدەم ئازارەوە گوێم لێ بوو ئەیان وت: ((ئەوە چی بووە؟)).

.... [1] ئاه، کاشکێ ئەم وێنەیەم بەرچاو نەکەوتایە! هەر یەکەیان شتێکی پێم ئەوت، وە لێم نزیك ئەبوونەوە. لەو کاتەدا ئازارەکەم بەتەواوی پەرێشانی کردم، بەڵام دڵ لەو کاتەدا بۆی تۆزێ تینی خستە بەرخۆی وە چاویش هەر پێم ئەڕوانی بە دەوری خۆما، بەڵکو ئەو جوانە ببینم، بەڵام بێسوود بوو!!

لە پاش نەختێ هەستم کرد کەوا خەریکی هەڵگرتنمن بۆ بیمارستان، بەڵام بەناو فرمێسکی چاوما سەیرم کرد تەنها کچێك لە تیپە کچەکە ماوەتەوە، بەڵام نەختێ لێوی ئەجولا وا دیاربوو قسەی ئەکرد بەدەم ئازارەکەمەوە! گوێم لە هەندێ قسەی بوو کە ئەیوت:

– داخ گەلێ بە ئاواتەوە بووم کە ئەم گەنجە هیوای بهاتایە دی، بەڕاستی تا بڵێی گەنجێکی زۆر ڕەوشت بەرز بوو، زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو، هەموو نیوەڕۆیەك ئەمان بینی، هەموومان بەچاوێکی پڕ لە بەزەییەوە سەیرمان ئەکرد، بەڵام ئاخ خەریکە لە تاق لاوییا کۆچ بکا و لە .... ئەدا))

---

١– ئەو شوێنانەی خەت بە ژێریاندا هاتووە یان ....، دیارە بەهۆی کۆنی لاپەڕەکان بۆمان ساغ نەکراوەتەوە.

...ەدا ؟ . ئەو خوشەویستە دل رەقەش لای زاوان گەرو ...رکلان بەری مالەکەیانە بوهەل گرتنی خشلی زور بوجلی جوان بوجیاز (١) چاوە نواری ئەوە شە کە لەبەغداوە ش جیازی تری بو بیت کە لە سلیمانی دەست ناکەوی ! !

آخ ! لەی گەنجی بەهیوا نەگەیشتوو خوات لەگەل بی ، یەزدان ت پاریزی . . .

* هاوریی شیرینم لەبەر ئەمەیە کە زور خەم بارم و لیم ئەبرسی کەبەم زوانە لەخەستەخانە ئەچیتە دەری شو کر چاك بویتەوەو ایتر خەم مەخو . . ! ؟ .

باور ئەکەی ؟

* دلی ئەدل داری بەدوور بی بەزدی مەخەتە ! !
* گە دلداری نەبی توخمی آدەمیزاد پیش ناکەوی ؟!
* لەمەدا هەشتای دلداری بە کارەسات ئەنجام ئەهینی ؟ !
* تەنیا هەزار نرخی بەهای دلداری ئەزانی ؟ !

(١) شیرکو وامەزانە ئەوەی کە بتوانی لای زوینگەر خشل هەل بگری شوو بە توو من ئەکات ، من داوای کارەکەیم کرد رازی نەبوو چونکە بی پارەم ، چونکە ژن ناکردم ، چونکە نیشتمان پەروەرم ! ! ئەترسا لەدوا روژی خوی . . . جا گەر قسەکانت راستن وازی لی بینەو رووەز بگیرە بولای کچە هەژارێك . . .

ئەو خۆشەیستە دڵ ڕەقەش لای زێڕنگەر و بازرگانی ئەوبەری ماڵەکەیانە بو هەڵگرتنی خشڵی زۆر بۆ جلی جوان بۆ جیاز، چاوەنواڕی ئەوەشە کە لە بەغداوەش جیازی تری بۆ بێت کە لە سلێمانی دەست ناکەوێ!!

ئاخ! ئەی گەنجی بە هیوا نەگەیشتوو، خوات لەگەڵ بێ، یەزدان بت پارێزێ...

((هاوڕێی شیرینم لەبەر ئەمەیە کە زۆر خەمبارم و لێم ئەپرسی کە بەم زوانە لە خەستەخانە ئەچیتە دەرێ، شوکر چاك بویتەوە و ئیتر خەم مەخۆ...)).

| |
|---|
| باوەڕ ئەکەی؟[1] |
| * دڵێ لە دڵداری بە دوور بێ، بەردی سەختە!! |
| * کە دڵداری نەبێ توخمی ئادەمیزاد پێش ناکەوی؟! |
| * لە سەدا هەشتای دڵداری بە کارەسات ئەنجام ئەهێنێ؟! |
| * تەنیا هەژار نرخی پەیمانی دڵداری ئەزانێ؟!)) |

(١) شێرکۆ وا مەزانە ئەوەی کە بتوانێ لای زینوینگەر خشڵ هەڵبگرێ، شوو بە تۆ و من ئەکات، من داوای کارەکەرێکم کرد، ڕازی نەبوو، چونکە بێ پارەم، چونکە ژن ناکرم، چونکە نیشتمان پەروەرم!! ئەترسا لە دواڕۆژی خۆی... جا گەر قسەکانت ڕاستە، وازی لێ بێنە و ڕوو وەرگێڕە بۆ لای کچە هەژارێك...

١- ئەمەی ناو چوارچێوەکە و نووسینەکەی خوار ئەویش، دیارە پەیوەندیی بە چیرۆکەکەوە نییە و لە نووسینی ئامادەکارە...

# تەوەری یەکەم

## بیبلیۆگرافیای بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس

## (دیوان، وەرگێڕان، نووسین) ١٩٦٨- ٢٠١٣




## ١. تریفەی هەڵبەست[1]

**چاپ: یەکەم، چ(سلمان الأعظمي)، ش: بەغدا، س: ١٩٦٨، ل: ١٦٨، ق(١٢×١٧)**

**ناوەڕۆك:**

**هۆنراوەکانم/ دیاری ئەم جارە/ باوکی شەهیدم/ سێ هەڵبەستی تینوو/ بڕوام/ یاخیبوون/ نەوەی نوێ/ پەیامی ونبوو/ تەنیا/ دار ئەرخەوان/ گیانە/ تاسەی هیوام/ وێنەکەی/ ئەشکەوتەکەی (سەردێمان)/ چەپکە هەڵبەست/ گۆران/ ئێوارەی غەمگین/ تەنیایی/ منداڵە سووتاوەکە/ دوو گۆرانی/ وەرام/ شیعرەکانم/ شارەکەم/ بووکی ناکام/ بێ تۆ/ بۆ چاوە شینەکانی/ زەردەخەنە لە فرمێسکا/ نزای درەخت/ مامۆستام گۆران/ گەڕانەوە/ لە باوەشی جوانییا/ کەی بێ؟/ وشەی پشکۆ/ لەگەڵ (نالی)دا/ شەقامی کچان/ هەڵبەست/ شەوانی نائومێدی/ دوو وێنە/ کە تۆم ناسیی/ ئەو/ کچی خەیاڵ/ بەیندێکە/ هێشتا لە پشتی باوکا بووین/ بیرتە؟/ کاتێ/ دڵداریی جاران/ کە منداڵ بووم.**

---

[1] – لەبەرئەوەی بیبلیۆگرافیاکە تایبەتە بە (شێرکۆ بێکەس)ە، هەروەها (بەرگ)ی هەر دیوان و بەرهەمێك لەگەڵ کتێبەکان دانراوە، بە پێویستمان نەزانی لەگەڵ هەموو کتێبەکاندا ناوی بنووسین، تەنیا لە ئەو کتێبانە نەبێت کە لە نووسینی ئەو نەبوون و (وەری گێڕاون).


HAWE Y GIRYAN

HÔNRAWE

SHÊRKO BÊKES

1969 Ferhengy
2581 Kurdy

بەرەزامەندی وەزارەتی ثقافەو إعلام چاپ

نرخی ( ١٦٠ ) فلسە

چاپخانەی کامەران ـ سلیمانی تەلەفون ٦٠٨




**٢. کەژاوەی گریان- هۆنراوە- دیوانی دووهەم**

**لە دوای بڕیاردانی (وزارة الثقافة والأعلام) لە چاپ دراوە**

**چاپ: یەکەم، چ(کامەرانی)، ش: سلێمانی، س: ١٩٦٩، ل: ١٤٣، ق(١٢×١٧)**

**ناوەرۆك:**

**کەژاوەی گریان/ دوا ترووسکە/ بەیانیی بێ خۆر/ مەلا هیندی/ (بێکەس)ی زیندوو/ زستانی تەمەن/ زیندووی مردوو/ ئەستۆی ورد/ لە گۆڤارێکی بێگانەدا/ من لێرەدا/ سەرسام مەبە/ یادداشتی هەفتەیەك/ گوڵی زستان/ ئازاری ڕاچڵەکین/ دار بەڕوو/ ناوەرۆك.**




### ٣. کاوەی ئاسنگەر - داستانێکی هۆنراوەیی سەر شانۆیە لە نۆ تابلۆدا

**نووسین: شێرکۆ بێکەس**

**پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. ئیحسان فوئاد**

**بە یارمەتی وەزارەتی ڕاگەیاندن چاپ کراوە**

**چاپ: یەکەم، چ: ڕاپەڕین، ش: سلێمانی، س: ١٩٧١، لا: ٢٢٩، ق(١٤×٢٢)**

**ناوەڕۆك:**

**پێشکەش/ پێشەکی و لێکۆڵینەوە: د. ئیحسان فوئاد/ کەسانی ناو ئەم داستانە/ تێبینی/ خوا و فریشتەکان/ نۆ تابلۆ/ ناوەڕۆك.**




## ٤. من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ – شیعر ١٩٧٣

**لە ل٤دا نووسراوە: وەزارەتی ڕاگەیاندن– بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیری کوردی**

**چاپ: یەکەم، چ(دارالحرية)، ش: بەغدا، ژس: ١٢٩، س: ١٩٧٣، ل: ٢١٤، ق(١٥×٢٠)**

**ناوەرۆك:**

**گینگڵ/ جارێکی تر سمکۆ ناچێتەوە سەر خوانی مردن/ تۆ هەوریت و ئەتبارێنم/ من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ/ دەنگ و ڕێگایەکی کەڕ/ خوێنە کوڵا/ مایکۆڤسکی/ بەغدا/ مامەخەمە/ دووگ/ بێ کۆتایی/ شتنەوە و ناوچەوانم/ هۆزی گڕ/ سەرچۆپییەك لە سووتانا/ بەنگلادیش/ مۆر و ناوچەوانە ڕەشەکان/ نەخشەیەکی هەڵنەواسراو/ کێڵگەی قوڕگێکی کێڵراو/ بڕیاری گوللە/ کە ... بووم/ ونبوون/ خەمێکی سوور/ شەش وێنەی نەگیراو/ لە ئاوێنەی درزبردوودا/ دڵداری ناو شارێکی مردوو/ برووسکەی سروودێکی زامدار/ ببوورن/ پەلکە ڕەنگینەی هۆنراوەیەك/ لە دورگەی خەوی زڕاوی شاعیرێکا/ بۆ بارزانی/ دیوار و دەنگی خوێن/ لە ژێرەوە/ دزین/ ٢٤ سەعات/ ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك/ نێرگزی زستان/ دیدەنی/ وەرزی پێنجەم/ بەرێزینە/ هۆرەیەك/ ملیۆنەهاو بەڵام ...!/ هەنگاوی سەرنجم/ وێنەیەك/ بۆ نەورۆزی ١٩٧٠/ بیرت ئەکەین/ دوو گۆرانی تەواو نەکراو/ بابەگوڕگوڕ/ ئاوڕدانەوەیەك بەرەو منداڵی/ ساڵنامەی شیعرەکان/ سێ تێبینی.**







### ٥. ئاسك- شانۆگەرییەكی شیعرییە لە پێنج تابلۆدا

**لە چاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كورد**

**چاپ: یەكەم، چ(كۆڕ)، ش: بەغدا، ژس: ١٦٩، س: ١٩٧٨، ل: ٩١، ق(١٧×٢٤)**

**ناوەرۆك:**

**وتەیەكی كورتی بێ ناونیشان كە ئاماژە بە كاریگەری (كەلەپوور) دەكات لەسەر نووسینی ئەم شانۆگەرییە.../ كەسانی ئەم شانۆگەرییە/ پێنج تابلۆ.**




### ٦. کازیوە- شیعری پۆستەر

بە یارمەتی (یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی- کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی- مەڵبەندی گشتی) چاپ کراوە

تابلۆی بەرگ و تابلۆکانی ناوەوە: ئیسماعیل خەیات

نووسینەوە و خۆشنووسیی هونەری: شەهاب عوسمان

چاپ: یەکەم، چ(ز- سلێمانی)، ش: سلێمانی، ژس: ١١٦١، س: ١٩٧٨، ل: ١٨٠، ق(٢١×١٦)

ناوەرۆك:

بالا/ هەنگوین/ هەڵوەرین/ تەوقەکردن/ کۆبوونەوە/ نوشتانەوە/ قووڵ بوونەوە/ جۆگە/ پەنجەرە/ خشڵ/ بازن/ ڕەگ/ ژان/ قەڵەم/ زیندان/ ئەڵقەڕێز/ بەفر/ وەرز/ خۆشەویستی/ کاروان کوژە/ شای وشە/ مەل/ سەفەر/ پێوانە/ سووتان/ لە جامخانەیەکدا/ فورات/ جۆلانە/ ڕاپەڕین/ بۆ کچە تایپ ڕایتەرەکە/ ژووان/ پوولەکە/ دایك/ ژوور/ کورسی/ لوتکە/ تاکە درەخت/ ناونیشان/ پایتەختی گڕ/ شاییەك/ ئیستگە/ شیش/ گەشتی پشکۆ/ لاواندنەوەیەك/

ڕاسپاردە/ شمشاڵ/ ئەسپ/ چاویلکە/ هەنسک/ کۆچ/ هەڵکورمان/ کارەسات/ تۆراندن/ چڵ/ سڕینەوە/ چەند مشتە حەرفێ/ دەرزی/ کاریکاتێر/ ڕابەر/ ناو/ لافاو/ لیرە/ گاوربـاغی/ تۆ/ خەو/ لە دارستانێکدا/ پۆل/ سووتوو/ دەنکێ شقارتە/ لە ڕەگەوە/ گەرا/ ڕێگایەك/ چەقۆ/ سێ پرسیار/ خالید و گۆڤارێك/ دیسانەوە خالید/ شەوارە/ ساماڵ/ مار/ پرچ/ کەمەند/ کەشتیی/ ١\٢ و ٢\٣/ پەلکە گیا/ هێشوو/ ڕۆمان/ بەندیخانە/ گوێ گرتن/ شووشەیەك مەرەکەب/ دیاری/ کتێبە هەژارەکان/ بیرکەوتنەوە/ سوارێك/ پرس و ئورزەکان/ سەما/ کلیل/ کوللە/ کەمانچە/ سەعات/ مەرگم/ پەیکەر/ بۆ شانۆگەرییەکی شۆخ/ واگۆن/ چەتر/ بلیت/ پرس/ ئاشنایەتی/ شەمەندەفەر/ برسێتییەکی کۆچەر/ خەڵوز/ کڵاو/ بازۆڕی/ سەرین/ دوو دەنکە ترێ/ فێرکردن/ چەند سەرنجێك.







### ٧. دوو سروودی کێوی

**نەخشی بەرگ و قەڵەمکێشییەکانی ناوەوە: عەلی مەندەلاوی**

**لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی (الطليعة)– کەرکووک**

**چاپ: یەکەم، چ(الأديب)، ش: بەغدا، ژس: ١٠٠٩، س: ١٩٨٠، ل: ٨٨، ق(١٥×٢١)**

**ناوەرۆك:**

**کۆچ/ برایمۆك و گۆرانی و بەفر و مندالّیم (بۆ هاوڕێی شاعیر کاك ئەنوەر قادر محەممەد).**




### ٨. پیرەمێرد و زەریا

نووسین: ئێرنست هێمنگوای

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: شێرکۆ بێکەس

پێداچوونەوە: شوکوور مستەفا

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن– دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ(المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة)، ش: بەغدا، ژس: ١٥٠٩، س: ١٩٨٢، ل: ١٣٦، ق(١٧×٢٤)

ناوەڕۆك:

سەرەتایەکی کورت/ دەقی ڕۆمانەکە.




### ٩. ڕووبار- چیرۆکە شیعر

وێنە و خەتی بەرگ و سەردێڕ و تابلۆکانی ناوەوە: کەمال هاوار

نووسینەوە و خۆشنووسیی هەموو چیرۆکە شیعرەکان: شێرکۆ عەزیز

لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن- دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی

چاپ: یەکەم، چ(علاء)، ش: بەغدا، ژس: ١٤١٦، س: ١٩٨٤، ل: ١٨٤، ق(١٧×٢٤)

ناوەرۆك:

شاعیرانی وڵاتەکەم/ کوڕی زەریا/ لە ڕاکێشانێکدا/ داستانی مامەیارە/ بەیتی ئاگر/ داستانی بەردە قارەمان/ پەراوێزەکان/ ناوەرۆك/ لە بڵاوکراوەکانی شاعیر.




## ١٠. داستانی هەڵۆی سوور- قەسیدەی درێژ[١]

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چاپ: یەکەم، چ(شەهید ئیبراهیم عەزۆ)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٤، ل: ٧١، ق(١٦×٢٠)**

**ناوەڕۆک:**

**شیعری درێژی داستانی هەڵۆی سوور.[٢]**

---

١- ئاشکرایە زۆربەی ئەو دیوانانەی کە لە (شاخ) چاپ بوون، ناوی خوازراوی (جوامێر)یان لەسەر دانراوە، لەبەرئەمە بە پێویستمان نەزانی بینووسین.

٢- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە. لە ساغکردنەوە هەندێ زانیاری لەبارەی ئەو کتێبانەی کە لە (شاخ) چاپ کراون (بەتایبەت بەرگەکانیان)، کەڵك لە کتێبی (بیبلیۆگرافیای کتێبی نهێنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ١٩٧٥- ١٩٩١، ئامادەکردنی: نەوزاد عەلی ئەحمەد، لەسەر ئەرکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی "ی.ن.ك" چاپ کراوە، چاپی یەکەم، چ"دلێر"، ش: ؟ س: ٢٠١٢) وەرگیراوە.




**١١. کەشکۆڵی پێشمەرگە- شیعری موقاوەمەت بەشی یەکەم**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چاپ: یەکەم، چ(شەهید ئیبراهیم عەزۆ)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٤، ل: ٩٧، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەرۆك:**

**کلیل/ لە شەوێکدا/ ماڵئاوایی/ گۆرانییەکی داواکراو/ کام ڕێبوار/ لەبەر تەندورێکدا/ پەڕەسێلکەیەك/ هەرەس/ سێوەکەی دڵ/ شیعری کاریکاتێر/ هێلانە/ گریان/ نیشانە/ دەرمان/ گەردەلوول/ لێبووك/ بووکە سەماکەرە/ پیاو/ شەماڵ/ میوان/ چەند چوارینەیەك- شیعری سروود/ شەهید/ چەند کورتە شیعرێك/ مەشخەڵان/ دووڕیان.[١]**

---

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە.

## ١٢. کەشکۆڵی پێشمەرگە- شیعری موقاوەمەت بەشی دووەم

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چاپ: یەکەم، چ(؟)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٥، ل: ٢١، ق(؟)**

**ناوەڕۆك:**

**بانگ/ کوڕی بابە گوڕگوڕ/ مزگێنیی.[١]**

## ١٣. کەشکۆڵی پێشمەرگە- شیعری موقاوەمەت بەشی سێیەم

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چاپ: یەکەم، چ(؟)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٥، ل: ٧٥، ق(؟)**

**ناوەڕۆك:**

**پێشەکی: هەڤاڵ کوێستانی[٢]/ ڕوانین/ هەڵگوردی (پ. م)/ کەڵ/ گوڵ باران/ نەفرەت/ ئارام/ تاجی خوێناوی/ بەیان.[٣]**

---

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە.

٢- لە ڕێگەی پەیوەندی کردن بە نووسەر و ئامادەکاری کتێبی (ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا) بەڕێز (هەڤاڵ کوێستانی) زانیمان کە (پێشەکی) بۆ بەشی سێیەمی (کەشکۆڵی پێشمەرگە) نووسیوە.

٣- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە.

### ١٤. شایی شەهید

**چاپ: یەکەم، چ(؟)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٥، ل: ١٠٥، ق(؟)**

**ناوەرۆك:**

**قیبلەنما/ شایی شەهید/ تەقینەوە/ سەفەری ئەوین و شۆڕش/ سۆراخ/ ئاگر/ دەرگا داخراوەکان/ ڕاهاتن/ سڵاو گوڵە کێویلەکانی شۆڕش سڵاو!/ ئەسپێکی سوور/ تاڤگەی زیندانی/ توانەوە/ سوتماك/ دیدەنی.[١]**

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە.




**١٥. ئاوێنە بچکۆلەکان- کورتە شیعر**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چاپ: یەکەم، چ(شەهید جەعفەر)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٦، ل: ٦٨، ق(١٠×١٦)**

**ناوەرۆك:**

**ئاوێنە بچکۆلەکان/ خۆرنشین/ پاش وەخت/ ناسین/ خەنجەر/ مقەست/ دوا وشە/ پەند/ ٢٧ جار/ مشار/ سەر/ تاریکی/ وێنەیەك/ هاوڕێ/ هەڵوێست/ شایەت/ مانگ و زەریا/ بەشکردن/ ئازادی/ خاك/ چریکە/ ئازار/ ناپاك/ قوربانی/ ئاوێنە/ بڕیار/ ئەنجام/ ژیانم/ عاشق/ چەك/ پەستیی/ خۆشەویستی/ سەنگەر/ گفتوگۆ/ هێلانە/ ڕێگا/ شۆڕش/ شەونخوونی/ کوێر/ پێڵو/ میرات/ هیوا/ بەرزبوونەوە/ زەبر/ یاخیبوون/ بێشکە/ ساڵی تازە/ بەفر/ چاو/**

**قۆخ/ گۆڕەوی/ پرسیار و وەرام/ مەودا/ مردن/ خۆزگە/ ناونیشان/ زێـوە/ جوانـوو/ ئابلۆقـەدان/ چـادر/ دەسـەلات/ قۆپـچە/ خواسـت/ پرســە/ شــەڕ/ پـاییز/ نهێنــی/ لــە ئەنگۆرەیەکـدا/ جریــوە/ لــە تووڕەبوونێکدا/ شەکردان/ جوانترین گوڵ/ سوار/ جەژنێك/ پێکەوە/ تاقە شایەت/ ئینجانە/ کتێب/ دەرسێك/ مووتوربە/ کۆتـەڵ/ کسپە/ کۆتـەرە/ چلـچرا/ ساڕێژکردنەوە/ دەنکـە تـۆو/ ئامـاژە/ ورتـەورتێ/ ژمـاردن/ پیـانۆ/ کرنـوش/ میوانـداری/ چاوپێکەوتنێکی ئـەدەبی/ نـەنکم/ پـاڵتۆ/ خـەلات/ گەڕانـەوە/ کلیێتـە/ تـەنها یـەکێکمان/ ئـەم شاخە/ لە بیرەوەرییـەکانی (دارمێوێـك)ـەوە/ بوخـچە/ خائین/ خـەم/ یەکـەم دەنـگ و دوا دەنـگ/ دەریاچـە/ لـە پاسـێکدا/ گـەلی بـازێ/ پرشـنگەکان/ تونێـل/ گـۆڕان/ شـوێنەون/ فـڕین/ سـۆما/ دوو پیـاو/ جـوانترین دیـاری/ سـیحرباز/ بیرچـوون/ شـۆڕبوونەوە/ یـاد/ لێـرە/ خۆشەویـستیت/ بـیرەوەری/ یەکـەم منـداڵ/ زینـدانی گـەڕۆك/ تـۆ/ ســەروپێچ/ کۆســت/ دوو پەیکــەر/ ژیــان/ جــودایی/ یادداشــت/ تەماشاکردن/ بەخیل/ وەسێت/ ناو/ وەکوو یـەك/ لە ولاتـی منـدا/ سەرتاش/ خاڵبەندی ئۆردوگاکان/ خواست/ دەنکە زیخـێ/ پـەردە/ ژیــشك/ پەڕینــەوە/ لــەدوا ســاتدا/ مانــەوە/ شــار/ بــالا/ هەڵەبجــە/ پەڕەشووت/ چیرۆکی جزدانێ!/ بەراورد/ بۆن/ سێ ڕۆژ.**[1]

---

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە.






## ١٦. هەڵۆ- داستانی هەڵۆی سوور و کەشکۆڵی پێشمەرگە[1]

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چـاپ: یەکـەم[2]، چ(شـەهید جەعفـەر)، ش: شـاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٦، ل: ٣٠٤، ق(١٥×٢١)**

**ناوەرۆك:**

**پێشەکی: سامی شۆڕش/ داستانی هەڵۆی سوور/ کەشکۆڵی پێشمەرگە بەشی یەکەم/ کەشکۆڵی پێشمەرگە بەشی دووەم/ کەشکۆڵی پێشمەرگە بەشی سێیەم.**

---

١- ئەم کتێبەمان بەهۆی (شێخ ڕەئووف شێخ جەمیل) دەست کەوت (سوپاسیان دەکەین)، بەڵام بەرگەکەی لەگەڵ ئەو بەرگەی کە لە بیبلیۆگرافیاکەی (نەوزاد عەلی ئەحمەد- سەرچاوەی پێشوو)دا دانراوە جیاوازن؟! بڕوانە کتێبی ناوبراو، ل١٨٢.

٢- نووسراوە یەکەم بەڵام چاپی دووەمی هەر چوار کتێبی ژمارە ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣یە.




**١٧. دالْ- چیرۆکە شیعر**

**چاپ: یەکەم، چ(شەهید جەمال تاهیر)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٨٧، ل: ٨٦، ق(٢١×١٤)**

**ناوەرۆك:**

**چیرۆکە شیعری دالْ...**




**١٨. تەم توومان"بۆ هاوڕێم شەهید ئازاد هەورامی"**

**لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان (شاخ)**

**چاپ: یەکەم، چ(شەهید ئیبراهیم عەزۆ)، ش: شاخ، ژس: ؟، س: ١٩٩٠، ل: ٢٥، ق(١٥×٢١)**

**ناوەرۆک:**

**تەم توومان/ ژەهر.**[١]

---

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە.




### ١٩. دەربەندی پەپوولە- قەسیدەیەکی درێژە

چاپ: یەکەم، چ(؟)، ش: ستۆکهۆڵم، ژس: ؟، س: ١٩٩١، ل: ٢٤٠، ق(١٤×١٩)

ناوەرۆك:

قەسیدەی درێژی دەربەندی پەپوولە...[١]

---

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تری دانراوە، هەروەها وێنەی بەرگەکەی لە (گوگڵ) وەرگیراوە؟

## ٢٠. دیوانی شێرکۆ بێکەس- بەشی یەکەم

**بە یارمەتی (ماڵی کولتووری سوید) چاپ کراوە**

**چاپ: یەکەم، چ(؟)، ش: ستۆکهۆڵم، ژس: ؟، س: ١٩٩٠، ل: ٥٩٨، ق(١٥×٢١)**

**ناوەڕۆک:**

**بەپێی ئەو ڕوونکردنەوەیەی کە لە پاشکۆی هەندێ دیواندا دانراوە، ئەم دیوانە بەشی هەرە زۆری ئەو شیعرانەیە کە شاعیر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩-١٩٩٠دا نووسیویەتی، بەتایبەتی ئەو قەسیدانەی کە ئەچنە خانەی شیعری موقاوەمەت و شاخەوە، هەروەها بەشێکی زۆر لەو شیعرانەی کە لەوەوبەر لە هیچ دیوانێکدا بڵاو نەکراونەتەوە.[١]**

---

١- ئەم کتێبە و بەرگ و چاپەکانی دیکەیان، هەموویان بەتەواوی دەست نەکەوتوون و لەسەر کۆمەڵێك زانیاری و چاپەکانی تریان دانراون.






### ٢١. دیوانی شێرکۆ بێکەس- بەشی دووەم[١]

**به یارمەتی (ماڵی کولتووری سوید) چاپ کراوە**

**چـاپ: یەکـەم، چ(؟)، ش: سـتۆکهۆڵم، ژس: ؟، س: ١٩٩٢[٢]، ل: ٨٤٣، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەڕۆك:**

**پێشەکی/ تریفەی هەڵبەست/ کەژاوەی گریان/ من تینوێتیم بە گڕ ئەشکێ/ کازیوە.**

---

١- لەسەری نووسراوە (دووەم) بەڵام بەدەست کراوەتەوە بە (یەکەم)؟!

٢- لەسەر بەرگ ساڵی ١٩٩٣ نووسراوە و لە ناوەوەش ساڵی ١٩٩٢ نووسراوە؟







**٢٢. ئافات**

**بەرگ و مۆتیڤ: سامانە ڕەش**

**چـــــاپ: یەکــــــــەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ؟، س: ١٩٩٣، ل: ٦٤، ق(١٧×١٢)**

**ناوەرۆك:**

**ئافات/ غـەزای گوڵجاڕی ئاوێستا/ پـەریزاد و گوڵەکـەی دوژمـنی/ ئاوابوون و بوومەلەرزە.**

### ٢٣. ديوانی شێرکۆ بێکەس- بەشی یەکەم

چاپ: دووەم، چ(بابـان)، ش: سـلێمانی، ژس: ؟، س: ؟، ل: ٥٩٨، ق(١٤×٢١)

ناوەڕۆك:

هەمان ناوەڕۆکی کتێبی ژمارە ٢٠ی هەیە.

### ٢٤. ديوانی شێرکۆ بێکەس- بەشی دووەم

چاپ: دووەم، چ(بابـان)، ش: سـلێمانی، ژس: ؟، س: ؟، ل: ٨٤٣، ق(١٤×٢٠)

ناوەڕۆك:

هەمان ناوەڕۆکی کتێبی ژمارە ٢١ی هەیە.




**٢٥. دیوانی شێرکۆ بێکەس- بەشی سێیەم (چیرۆکە شیعر و شانۆنامە)**

**چاپ: یەکەم، چ(ئاپیک)، ش: ستۆکهۆڵم، ژس: ؟[١]، س: ١٩٩٥، ل: ٥٥١، ق(١٥×٢٢)**

**ناوەرۆک:**

**ناوەرۆک/ کاوەی ئاسنگەر/ ئاسک/ ڕووبار/ داڵ/ یادداشتی ماکەوێکی ڕەشپۆش.**

---

١- ژمارە سپاردنی نییە و ISBN: ٩١-٨٧٧٣٠-٧٤-X هەیە.



به پەلکە گیایەک ئەنووسم و
دارستانێک
ئەخوێنمەوە.
دڵۆپێ باران ئەبینم و
گوێم لە هاژەی
زەریایەکە.
دەنکە گەنمێ لەسەر دەستمە و
خەرمانێ وا
لە گیانمایە !.
تاڵێ قژی یارم پێیە و
خۆشەویستیم
لە باڵدایە.
من ئێستاکە
یەک دێڕ شیعری ( نالی ) م لایە و
کوردستانم
لەگەڵدایە!.

.......................................................

Mêrgî zam ..
Mêrgî hetaw ..

Şêrko Bêkes

Stockholm
1996

لەسەر ئەرکی ماڵی کورد لە کۆپنهاگن/ دانمارک چاپکراوە




## ٢٦. مێرگی زام.. مێرگی هەتاو- شیعر

**لە سەر ئەرکی (ماڵی کورد) لە کۆپنهاگن– دانمارك چاپ کراوە**

**چاپ: یەکەم، چ(کۆمەڵەی گەلی کوردستان)، ش: ستۆکهۆڵم، ژس: ؟[١]، س: ١٩٩٦، ل: ١٥٦، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەرۆك:**

**زێی شیعر/ هەژین/ ڕەو– بەغدا/ دووکەڵی گوڵگرتوو/ لەناو قەفەزێکەوە/ یەکانە/ گرێ/ هەتاو/ کۆتایی داستانێ/ هەناسە ساردەکانی گەرمیان!/ ماڵ/ یادداشتی کۆترە کێوییەك/ بەڵێن/ زنەی شیعر/ وێنە/ مزگێنی/ ڕاسپاردە/ بەندەر/ کلیل و دەرگا/ دز/ شیعرێکی لاڵ/ سێ کورسی/ جیمس جۆیس/ بەڵام!/ داری ژاڵە/ لێرە/ لە گۆڕستانێکدا/ گفتوگۆیەکی ساکار/ چاڵ/ خەون/**

١- ژمارە سپاردنی نییە و ISBN: ٩١-٩٧٢٤٦٧-٢٧ هەیە.

مەملەکـەتی سـیحر/ سـیحر/ شـاکیر فـەتاح/ ئاخێـك/ دوو جـار/ ناسینەوە/ کیژ/ هۆ/ چیرۆکی خۆشەویستییەك/ شیعر و ئارد/ لە سێگۆشەیەکدا/ نووسین!/ نەژاد/ سییانە/ دیدارێکی کورت/ نیوە/ دەسکەوت/ کورتیلە چیرۆکە شیعریێ/ سەعاتی قامیش/ گەردن/ کەرکووکنامەیـەك/ بازنـەی ئـاگر/ نهـێنی/ چـواردە چـرا/ درەخـتی مـرواری / گوڵـە جـەرگێ/ گەڕانـەوە/ ئەسـپ و چـرا و مـانگ/ لـەو شـەوەدا/ حەسـەن کوێـستانی/ پەیکـەر/ شەسـت قوربـانی/ دوور و نزیـك!/ لـەناو سـەری هەڵەبجـەدا/ نـان و ئاسمـان/ لـە شـەوێکدا/ شـیعر/ ئـافیش/ تـەنیایی/ ئـاوی شـیعر/ سـوورەتی ئـەوین/ نیـشتمانی ئـاگر/ حیلـە و گرمـەژن/ دوو بـرین/ دیـاری/ جوانـە دڕندەکـە!/ مـاچ/ زەماوەنـدی دواڕۆژ/ ئـەوینی سـپی/ نامـە/ تـۆ/ مەهێڵـە/ بـەرد/ هەڵبـژاردن/ تەماشا/ توانـەوە/ قژ/ ڤینتسییا/ تاقە جار/ دەنگدانـەوە/ مـەحوی/ مـەولانا خالیـد/ بـۆ دوو میـوان/ سـێ زمان و چـوار قامچی/ باران/ کـوا تـۆ تـەنیای/ تـەنیایی/ هاتنت!/ زەرق تـابوت/ خـەم و خـەم/ خـەیاڵ/ لـەبری مـن!/ ژەنـەڕاڵ/ ئێوارەیەك/ گا/ بەردەوام خۆشەویستی.




**٢٧. دەربەندی پەپوولە- قەسیدەیەکی درێژە**

**تابلۆکانی ناوەوە: مەدحەت کاکەیی و قادر میرخان**

**چاپ: دووەم، چ(بێسارانی)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ١٩٩٨، ل: ٢٤٠، ق(١٤×١٩)**

**ناوەرۆک:**

**قەسیدەی درێژی دەربەندی پەپوولە...**




## ٢٨. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ- ڕۆمانە شیعر[١]

**تابلۆی بەرگ و سکێچەکانی ناوەوە: ڕێبوار سەعید**

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاپیك– سوید ستۆکهۆڵم**

**چاپ: یەکەم، چ(ئاپیك)، ش: ستۆکهۆڵم، ژس: [٢]؟، س: ١٩٩٨، ل: ٣٧٤، ق(١٦×٢٢)**

**ناوەڕۆك:**

**دەقی ڕۆمانە شیعری خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ...**

---

١– لەسەر چاپی دووەم چاپی یەکەم دانراوە؟ چونکە وەك خۆی چاپ کراوەتەوە و تەنیا ئاماژە بە (چاپی دووەم– خاك) کراوەتەوە. ساڵی چاپی یەکەمیش هەر لەسەر ساڵی چاپی دووەم دانراوەتەوە.

٢– ژمارە سپاردنی نییە و ISBN: ٩١-٨٩٠١٤-٢٠-٠ هەیە.




**٢٩. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ- ڕۆمانە شیعر**

**تابلۆی بەرگ و سکێچەکانی ناوەوە: ڕێبوار سەعید**

**لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک**

**چاپ: دووەم، چ(خاک)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ١٩٩٨، ل: ٣٧٤، ق(١٦×٢٢)**

**ناوەڕۆک:**

**دەقی ڕۆمانە شیعری خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ...**




**٣٠. بۆننامە**

**بەرگ و مۆتیڤ: قادر میرخان**

**لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ**

**چاپ: یەکەم، چ(دانان)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ١٩٩٨، ل: ١١٩، ق(١٥×٢٠)**

**ناوەڕۆک:**

**شیعری درێژی بۆننامە...**







## ٣١. چراکانی سەر هەڵەمووت- پەخشان

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(تیشك)، ش: سلێمانی، ژس: ١٨٨، س: ١٩٩٩، ل: ٢٠١، ق(١٦×٢٢)**

**ناوەرۆك:**

**وتەیەك/ عەبدوڵڵا جەوهەر- قەڵەمێکی ڕەنگین و گۆمێکی مەنگ/ ئەو زامەی بوو بە مانگ!/ لە ڤیەنناوە بۆ کوردستان و درەوشانەوەی ئەستێرەیەکی سوور!/ (سەردار)ی بەور/ لانەکان یەك ئەگرنەوە/ حەسەن کوێستانی: داربەڕووە سوورەکەی باڵەك/ قوڕە سووری زمان و گۆزەی شیعر!/ (مارف ئاغایی) شیعری کشاو و بارانێکی جوانەمەرگ!/ حەفتا و دوو قەڵبەزەی کوژراو!/**

ئەو پیاوەی بوو بە تاڤگەیەکی تری (زەڵم)!/ ئەستێرەیەکی هەشت نهۆم!/ ژن/ پرشنگی ڕۆح دەستگیر ناکرێ!/ بەیانیتان باش... ڕاپەڕینتان باش!/ سەمای ئاگر و سروودی گوڵەکان/ گەرمیان و داڕژانی ڕۆح/ مەرگی (بۆتان)/ تڵە تڵی جەستە و هەڕەشەیەك لە تاریکی!/ عەشق/ ڕسکان لە خۆڵەمێشدا..!/ لەو بەیانییەدا خۆرنشین زا و شەوێکی ڕەشی بوو.




**٣٢. نسێ- شیعر**

**مۆتیڤ: قادر میرخان**

**چاپ: یەکەم، چ(ڕەنج)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ١٩٩٩، ل: ١٩٠، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەرۆك:**

**باڵا ئاوێنەکان/ سروودەکانی (مەلەك تاووس)/ چێوار/ ژیلا/ پیاسەیەك بەناو خوێنی خۆمدا/ هەڵقرچان/ لاورا/ ڕابووردو لە خەونە ڕۆمانسییەکاندا/ جەژن/ مەرگی مانگێك/ دەیان پۆلە باڵندەی وشە/ چواردە پۆرترێتی شیعریی/ دۆنادۆن/ وریاکردنەوە/ چاو/ لەناو بەفرێکی تاریکەوە/ ئازارێکی قۆشمە!/ دۆنادۆن/ بزربوون/ کەمین/ کاغەزێکی سپی/ شەوانە دیدار/ هەمیشە پرسیار/ وەرین/ لە قاوەخانەیەکدا/ نووسین/ جڤین/**

چـاوەکانت/ سـەردانەوە/ ژوان/ دەنـگ/ داگیرسـان و کوژانـەوە/ ڕۆژانـە/ هاتوچـۆ/ ئـەو ڕۆژەی نەچـوومە دەرەوە/ ئیرۆتیکـا- خلیسکان/ ئیرۆتیکا- گۆم/ ئیرۆتیکا- حەمام/ شـەختەی قوتبی/ شـیعری کاولـستان/ نیـوەڕۆی شـەوان/ زریکـەی ژن/ یـاقوت و پـیرۆزە/ خـەلوەتێك/ دیـالۆگ/ زەریـا/ سـەردەمی مـن/ خـەونێك/ خۆشەویـست/ کـەزی/ درێـژ/ شـەماڵێکی شـەل/ تـەیر/ ڕۆحێکـی نسرم/ کەمانچە و شەو/ لەم مەیدانە زیوینەدا/ دووکەڵ و بوخار.




### ٣٣. ئافات

**چاپ: دووەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ؟، س: ٢٠٠٠، ل: ؟، ق(؟)**

**ناوەڕۆك:**

**هەمان ناوەڕۆکی چاپی یەکەمی هەیە (کتێبی ژمارە ٢٢).[١]**

---

١- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر چاپی دووەمی و کۆپی بەرگەکەی دانراوە.




**٣٤. دەربەندی پەپوولە- قەسیدەیەکی درێژە**

**تابلۆکانی ناوەوە: مەدحەت کاکەیی و قادر میرخان**

**چـــاپ: ســـێیەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ؟، س: ٢٠٠٠، ل: ٢٤٠، ق(١٤×١٩)**

**ناوەرۆك:**

**قەسیدەی درێژی دەربەندی پەپوولە...**




**٣٥. بۆننامە**

**لەسەر ئەرکی کتێبخانەی سلێمانی چاپ کراوە**

**چاپ: دووەم، چ(شڤان)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٠، ل: ١١٩، ق(١٥×٢٠)**

**ناوەرۆک:**

**شیعری درێژی بۆننامە...**




**٣٦. ژنێك و دوو پیاو- ڕۆمان**

**نووسین: لیۆنارد فرانك**

**وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: شێرکۆ بێکەس**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ١٩٠، س: ٢٠٠٠، ل: ١٢٦، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەڕۆك:**

**دەقی ڕۆمانەکە...**




## ٣٧. پیاوێ لە دار سێو- شیعر[١]

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ٢٠٤، س: ٢٠٠٠، ل: ٨٦، ق(١٢×٢٠)**

**ناوەرۆك:**

**تێکستێکی بێ ناونیشان/ سێ پۆستکارتی خۆشەویستی لە سێ سەرچاوەی خۆشەویستییەوە بۆ سیاپۆش...[٢]**

---

١- ئەم دەقە بۆ (ئیبراهیم ئەحمەد) نووسراوە.

٢- ئەم کتێبە دەست نەکەوتووە و لەسەر چاپی دووەم دانراوە.




### ٣٨. ژن و باران- شیعر

چاپ: یەکەم، چ(دلێر)، ش: سلێمانی، ژس: ٤٦٠، س: ٢٠٠٠، ل: ١٥٦، ق(١٤×٢١)

**ناوەرۆك:**

**دوو هەزار وشە بۆ ساڵی دوو هەزار/ ژن و باران/ لەو قژەدا مانگەشەوێ بریندارە!/ ڕەجم/ وەفا/ لەدایکبوون/ تەنیایی/ دەروشانەوە/ مەولەوی/ گەڕانەوەی ڕۆژژمێرە شووشەکان/ سێ لەیەکچوون/ کۆیە و حاجی/ نووسین/ مۆزارت/ عوسمان عوزێری/ وەڵام/ ماك/ ئەو/ ماڵەکەمان/ هەتاو و گۆرانی و بۆن/ سۆراخێك/ دایکم لە میترۆدا/ بۆن/ تاڤگە/ ئەوین/ ڕەنگ/ بیروڕا/ بۆ ئیسماعیل بێشکچی/ نهێنی/ خەونە تاڵەکان/ کە مردووەکانمان گەڕابوونەوە/ ئامارەی جۆراوجۆر/ لە مەملەکەتی کۆترەکاندا/ پێرست.**




## ٣٩. قەسیدەی ڕەنگدان

له بڵاوکراوەکانی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاك

چاپ: یەکەم، چ(خاك)، ش: سلێمانی، ژس: ٢٢٢، س: ٢٠٠١، ل: ٢٣٧، ق(١٥×٢١)

ناوەرۆك:

قەسیدەی درێژی ڕەنگدان...




### ٤٠. لە چلەی چلچرایەکدا- دەقێکی ئاوێتە "پەخشانە شیعر، وتە"[1]

**چاپ: یەکەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ٢٦٩، س: ٢٠٠١، ل: ٥٤، ق(١٤×١٧)**

**ناوەرۆك:**

**دەقێکی ئاوێتە (پەخشانە شیعر، وتە).**

١- ئەم دەقە بۆ (شازاد سائیب) نووسراوە.




**٤١. لە چلەی چلچرایەکدا- دەقێکی ئاوێتە "پەخشانە شیعر، وتە"**

چاپ: دووەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ٢٦٩، س: ٢٠٠١، ل: ٥٤، ق(١٤×١٧)

**ناوەڕۆك:**

دەقێکی ئاوێتە (پەخشانە شیعر، وتە).

## ٤٢. ديوانی شێركۆ بێكەس- بەشی یەكەم

**لە چاپكراوەكانی پڕۆژەی كتێبی دانسقە**

**چاپ: سێیەم، چ(قانع)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٢، ل: ٥٩٨، ق(١٥×٢١)**

**ناوەڕۆك:**

**هەمان ناوەڕۆكی كتێبی ژمارە ٢٠ی هەیە.[١]**

## ٤٣. ديوانی شێركۆ بێكەس- بەشی دووەم

**لە چاپكراوەكانی پڕۆژەی كتێبی دانسقە**

**چاپ: سێیەم، چ(قانع)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٢، ل: ؟، ق(١٥×٢١)**

**ناوەڕۆك:**

**هەمان ناوەڕۆكی كتێبی ژمارە ٢١ی هەیە.[٢]**

## ٤٤. ديوانی شێركۆ بێكەس- بەشی سێیەم

**لە چاپكراوەكانی پڕۆژەی كتێبی دانسقە**

**چاپ: سێیەم، چ(قانع)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٢، ل: ؟، ق(١٥×٢١)**

**ناوەڕۆك:**

**هەمان ناوەڕۆكی كتێبی ژمارە ٢٥ی هەیە لەگەڵ: یادداشتی ماكەوێكی ڕەشپۆش/ چراكانی سەر هەڵەمووت.**

---

١- ئەم كتێبە دەست نەكەوتووە و لەسەر كۆمەڵێك زانیاری و چاپەكانی تری دانراوە.

٢- ئەم كتێبە دەست نەكەوتووە و لەسەر كۆمەڵێك زانیاری و چاپەكانی تری دانراوە.




## ٤٥. پیاوێ لە دار سێو- شیعر

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: دووەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ؟[1]، س: ٢٠٠٢، ل: ٨٦، ق(١٢×٢٠)**

**ناوەڕۆک:**

**هەمان ناوەڕۆکی کتێبی ژمارە ٣٧ی هەیە.**

---

١- بەهەمان ژمارە سپاردنی چاپی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٠ چاپ کراوەتەوە.




**٤٦. خۆم ئەو وەختەی باڵندەم! شیعر و پەخشان**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ١١٤؟، س: ٢٠٠٢، ل: ٢٣٧، ق(١٥×٢١)**

**ناوەرۆك:**

**وتەیەك/ بەشی یەکەم: کەژی شیعر/ لە ڕاڕەوە نسرمەکانی لەشدا/ دایکم... لەوێ لە پشت ئۆقیانووسەکانەوە!/ چاو لەڕێی ڕۆژهەڵات/ دووریانەکان/ بۆ یانزە تابلۆی هونەرمەند نامیق عەلی قادر/ مەحاڵ/ پییا/ لە شەممەیەکدا/ محێدین زەنگەنە/ کەمال مەزهەر/ بەشی دووەم: باڵندە بچکۆلەکان/ لەناو سەبەتەکەیدا/ خۆم... ئەو وەختەی باڵندەم/ تاشەبەردێ/ داوا/ باوەش/**

**هەڵکەندن/ گێلاس/ ئاهەنگێك/ بازنەی عەشق/ دوا دیدار/ تاوان/ تاقە ڕەنگ/ دنیا/ قژ/ چیرۆکی گورگێ/ ئاوێنە و پاییز/ لەیەك نەچوون!/ وێنەکێش/ نەورەس/ لەو دەشتەدا/ بیرنەچوونەوە/ هەشتەم ڕۆژ/ بەهانە!/ هەمیشە عەشق!/ نامەی ڕووبارێ/ دوو ڕازی ڕۆمانسیانە/ هاوسەر!/ عەشقی تۆ هەتاوە!/ ڕامووسان/ بەشی سێیەم: پێدەشتی پەخشان/ ڕەشەبایەکی چەمووش و بەیانییەکی تازە/ ڕۆژی ژن... ڕۆژی گوڵەبەڕۆژەکان!/ مردن بە جلکی سەربازییەوە!/ مەرگی گۆرانییەکی سپی/ ڕازێك لەگەڵ (با)ی تشریندا/ هەڵەبجە و گەڕانەوەی دار هەنارەکان!/ پێڕست.**




## ٤٧. پاییزە میوان

له بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: یەكەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ٥٤٩، س: ٢٠٠٢، ل: ١٦٤، ق(١٤×٢٠)

ناوەڕۆك:

له چاوەڕوانی بوومەلەرزەیەكدا!/ كۆنسێرتێ بۆ پاییز... پاییزێ بۆ دایكم!/ داگیرسان و كوژانەوە/ میوان/ لەژم/ ئەو وشانەی كوشتمیان!/ من لەوێ ئاوێكی خنكاوم!/ سی و سێ پاییزە میوانی بچكۆلە!




**٤٨. پیرەمێرد و زەریا**

نووسین: ئێرنست هێمنگوای

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: شێرکۆ بێکەس

پێداچوونەوەی: شوکور مستەفا

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپ: دووەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٢، ل: ١٥٣، ق(١٤×٢٠)

ناوەرۆك:

پێشەكییەك بۆ دووەم چاپ/ پێشەكی یەكەم چاپ– سەرەتایەكی كورت/ دەقی ڕۆمانەكە...




**٤٩. كوكوختيه بزێوەكه**

**نووسین: شێركۆ بێكەس**

**وێنەكان: غەمگین فەتاح**

**ڕەنگ كردن: قادر میرخان**

**لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- كتێبی منداڵان**

**چاپ: یەكەم، چ(شڤان)، ش: سلێمانی، ژس: ؟، س: ٢٠٠٣، ل: ٢٨، ق(١٧×٢٣)**

**ناوەرۆك:**

**چیرۆكی (كوكوختيه بزێوەكه) بۆ منداڵان...**




**٥٠. پاییزە میوان**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چـــــاپ: دووەم، چ(؟)، ش: ؟، ژس: ٥٤٩، س: ٢٠٠٢، ل: ١٦٤، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەرۆک:**

**هەمان ناوەرۆکی چاپی یەکەمی هەیە (کتێبی ژمارە ٤٧).**




**٥١. گۆڕستانی چراکان- ڕۆمانە شیعر**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ٤، س: ٢٠٠٤، ل: ٢٠٢، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەرۆک:**

**ڕۆمانە شیعری گۆڕستانی چراکان...**




**٥٢. ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن- شیعر و پەخشان**

**لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ٣٥٤، س: ٢٠٠٤، ل: ٢٦٤، ق(١٥×٢١)**

**ناوەرۆك:**

**وتەیەکی کورت/ ١-ڕێگا درێژەکان/ هەڵەبجە ئەچێ بۆ بەغدا!/ عومەری خاوەر.../ یەکی شوبات بوو؟! یان یەکی خەزان؟!/ چەخماخە/ بنەماڵەیەك لە گوڵی شەستپەڕ/ مەرگی کانییەکی سەوز/ خەوێکی خۆش/ ٢- فلاشەکان: دوو ماسیی/ ڕاسپاردە/ چارەنووس/ لەودیووەوە/ کانییەکی تازە/ چاڵێك/ پەیامی بارەشێك/ ئەو تۆپەی نەهاتەوە/ پێکەوە/ پەرتبوون/ باخەڵ/ لە دەشتێکدا/**

مۆتەکە/ چیرۆکی پەڕە کاغەزێ/ کاریکاتۆر و دیکتاتۆر/ کیف/ گەڕانەوەی باوکم/ دوو پەیکەر/ کورسی تەنیایی/ ئەو هێلکەیەی ولاتێکی لەناودایە/ دنیای منداڵی/ بەراورد/ لە وێنەیەکدا/ گۆڕانەکان/ جەبار جەباری/ نەریتە خۆشەویستەکان/ هۆشم کلیلە و لێم ئەکەوێ/ دوو زمان/ ڕاکشان/ بولبولێکی نەقاش/ سلاو/ تیرۆریست/ چوارچێوە/ تاکێ گۆڕەوی/ ونبوون/ گوێچکە/ کچە کلاوچن/ زویربوون/ کۆتایی کورتە چیرۆکێکی سپی/ دیاری/ چیرۆکی مۆمدانێ/ هەرمێیەك/ لە ئێوارەیەکدا/ سەعات/ پێچەوانە/ بێباڵ/ بزن/ ڕەنگدانەوە/ جووزەلە/ جۆلانە/ پێڕست.




**٥٣. سرووده بەردینەکان- چیرۆکە شیعر یان تێکستێکی والا**

**لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**چاپ: یەکەم، چ(سەردەم)، ش: سلێمانی، ژس: ٨٢٢، س: ٢٠٠٤[١]، ل: ١٣٦، ق(١٤×٢٠)**

**ناوەرۆك:**

